## پڕۆژەی حەزە ووردیلەییەکان ...19...


..

# لە نێوان تۆ و دایکمدا... من چیم ...؟

## جەزا چنگیانی

من دەزانم تۆ بۆ دایکم وەك ئۆکسجین و بۆ من وەك نان  وایت . نێوان من تۆ تەمەنێکی گەلێك زۆر هەیە . گەر لە تەمەنی پیویستدا ژنت بهانیبایە دڵنیام ئیستا نەك کچێکی وەك منی مەمك خڕ و باڵابڵند و ناوگەڵ لینجت دەبوو... ڕەنگە خیزانێکی پڕ منداڵت هەبوایە .تۆ ئەمەت نەکردوە لە تەمەنی لاویتەوە عاشقی کەڵەکەکردنی سامان بوویت , ئیستا سەرمایەیەکی مادی زۆرت هەیە و منیش بێکار و پارە و ماڵ و سەرمایە.سەرمایەی من جەستەیەکی ناسك . جووتی مەمکی قنج . ناوگەڵێکی خرپنی گەندەموولیهاتوو . باڵایەکی بڵند چەپکێ قژی زەرد و دووچاوی شینی مەست پەیوەندی من و تۆ خۆشەویستی نیە . بەرژەوەندیە ئەویش سێکس و نانە . نان بۆ من و جگەرە و ڤۆدگا بۆدایکم و سیکسیش بۆ تۆی تینووی سێکس . من لە ژیانمدا باوکمم نەدیوە . نازانم بەری شەهوەتی کۆام پیاوم . زۆر جار سنگی پرسیارم لە دایکم گرتووە ویستومە بزانم چ پیاوێك باوکمە . ئەویش نازانی چونکە لە تەمەنی لاویدا لە ڕۆژێکدا ڕۆحی دایکم شەهوەتی گەرمی چەند پیاوی مژیووە , من و دایکم لە بوونی باوکێك

دوودڵین... ڕەنگە بوونی منیش لە تێکەڵاوی کۆمەڵی شەهوەتی پیاوی جیاوە بووبێ .
ئەمە ڕاستی ئەو نهێنێیە نیشان دەدا...... کە زۆر کەس پرسیارم لێدەکەن .
( ئەری ئەم هەموو جوانیەت لە کۆیوە هانیوە ؟؟؟!!!)
پێموایە هەر بەشێکی جوانی جەستەم لە دڵۆپی شەهوەتی پیاوێکەوە دروست بووبێ
دوور نیە تۆ باوکم بی! یان برایەکت باوکم بێت چونکە لە سەردەمی کۆندا ئێو بە خیزان



کۆمۆنیست بوون دایکم لە
سەردەمی لاویتیدا ئافرەتێکی گەلێك شۆخی کاڵفام بوو .هەر شەوەی لە باوەشی جەنەڕاڵێکی سوپای سوور و هەڤاڵە کۆمۆنیسیتەکاندا میوان بوو . زۆر ناخۆشە مرۆڤ نەزانی باوکی کێیە .من ئەوناخۆشیە بە بینینی باوکانی کچانی هاوڕێم دەچێژم . کە پەلیان دەگرن و لە موغازەکاندا دیاریان بۆ دەکڕن ...تۆش شەوانە پەلم بۆ ناو جێگەی نوستنێك دەگری کە سەرتاپای دڕکە نەك جەستەم تا ڕۆژ دەبێتەوە ڕۆحم خۆینی لێدەتکێ . جیاوازی من وتۆ جگە لە تەمەن جیاوازی ( کڕین و فرۆشتنە ) من فرۆشیاری جەستە . تۆش کڕیاری ناوگەڵی خرپن و گۆی مەمك و باڵای سەتاپا پڕ شەهوەتی منی . سەرچاوەی پووڵی کڕینی ڤۆدگا و جگەری دایکم و نانی منی . تۆ هەموو شەوێك وەك تەلەفزۆێن بەرنامەکانی سیکست دەگۆڕی..ئەی ئەوە نیە شەوێك لە پشتەوە وجارێك

لەپێشەوە شەهوەت دەڕژێنیتە لەشمەوە . وا ساڵێك و پێنج مانگە بۆ کار و نان هاتوینەتە ئەم شارە و تۆ بەجەستەی من فێر بوویت ژمارەی ژەمە سێکسەکانت نازانم ... وەلیّ دەزانم هەموو ژەمیّ کە تۆی پیر بەسەر جەستەی مندا ڕەحت دەبی . من دەبم بە ڕۆبۆتەیەکی گۆشتن و تۆش دڕندەیەکی برسیی. من لە ئازاری گشت برسی و بێکارەکانی ئەم شارە و دنیا تێدەگەم چونکە تەمەنێکی زۆرە برسی و بێکارم . ئیستاش بیّ فرۆشتنی جەستەم نەك من دایکیشم برسی دەبیّ. من دەزانم تەنیا بە ووشیەکی وەك ( نا ) من و دایکم برسی و تینوو دەبین بە ( نا ) یەکی شەوێك ... شەوێك من و دایکم وەك بیّ لانەکان دەبیّ لە سەر شەقامەکان بژین . ئەمە یاسای پڕۆیسترۆیکای ئەم کۆمەڵەیە . بۆیە هەر جارێك پرسیار دەکەیت ... بیکەین پێش ئەوەی بڵیم ( ئا ) بە بیّ دەنگی دەرپێیەکەم دادەکەنم . تۆ ئەمانە هەموو دەزانی یەك نهێنی نەبیّ ئەویش لەماوەی پێکەوە سێکسماندا ڕۆحی من تەنیا جاریّ ماچی حەزی ڕەحت بوونی ڕۆحی تۆی نەکردووە ....... دەپێمبڵیّ .....

تۆ مرۆڤی یان ڕۆبۆتە ؟؟؟.

من مرۆڤم یان بووکەشووشە ؟؟

هەردووکمان ئەوەین کە هەین .من ڕاستیەك دەزانم ... تۆش ئەو ڕاستیەت کردوە بە تۆڕ و هەموو شەویّ ماسی لەشی منی پێڕاودەکەیت ؟ من ئەو ترسە دەزانم دایکم مرۆڤێکە بیّ سێکسی من نەجگەرە نە ڤۆدگا ، نەخانوو ...هیچمان نانمان نابێت بیخۆین ..بۆیە هەموو شەوێك پێش ئەوەی بڵی بیکەین من دەرپێیەکەم داکەنیوە .

سان پیترسبۆرگ 12/08/2005

jazachingiani@hotmail .com
www.chingiani.de